سەرەتای فەلسەفەی سیستەماتیکی لە ئیسلامدا.. وەرگێرانی: کاوە جەلال

3- سەرەتای فەلسەفەی سیستەماتیکی لە ئیسلامدا
ئەلکندی و ئەلفارابی
گەرت هەندریش

فەلسەفاندنی سیستەماتیکی سەرەتا ئەو واتایەی دەگەیاند کە هزرڤانان دەگەڕانەوە بۆ سیستەمە فەلسەفییە هەبووەکان، واتا بۆ فەلسەفەی مەزنی ئەنتیکە و ئەنتیکەی دەمەو کۆتایی (درەنگ): بۆ پلاتۆن، ئەریستۆتەلیس و نوپلاتۆنییەکان. وەلە فەلسەفاندنی سیستەماتیکی ئەو واتایەش دەگەیەنێت کە فەیلەسوفە ئیسلامییەکان لە لایەنی خوانەوە دەستیاندایە هەڵبەستنی "سیستەم"ی فەلسەفەیی لە پەناوی هوونکردنەوەی جیهاندا، سیستەمەکانیش تا ڕادەی شیان کاریان لە هەموو بوارەکانی هزرینی فەلسەفەییدا کرد (لایەنی کەم ئەو زانستانەش کە ئەمڕۆ ناو دەنرێن زانستە سروشتییەکان، لە بنەڕەتەوە سەر بەو بوارانە بوون). لەم ڕووەدا توخمگەلی جیاوازی نموونە پێشنگەکانی ئەنتیکە ڕۆژانە نەو سیستەمەکانەوە و بوون بە پاڵەڕ بە سەرهەڵدانی تەوانینەکی ئەتۆنەمی جیهان. بەڵام فەلسەفەی ئەرەبی-ئیسلامی لە قۆناغە "کلاسیکی"یەکەیدا بە هیچ شێوەیەک لاسایگەرا نییە. بەگومان فەلسەفەی کریستیانیی ئەوروپاش هەمان ڕووتی لە نموونە پێشنگەکانەوە هووەو سیستەمی فەلسەفەیی خۆی گرتە بەر. سەرەڕای ئەوە گەرەکە هەردوو فەلسەفەی ناوبراو سەیرلەگیانە تەواو جیاواز دیاری بکرێن. لە ئەوروپا نزیکی لە تۆڕی پیاوانی ئایین شۆقی بە فەلسەفاندن دابوو. فەلسەفە بەشکی تێڵگی بوو، فەیلەسوفانیش ڕۆحانییەکانی ئایین بوون، سەرەتاش بۆتایبەتی کێشیش بوون. بۆیە لە کۆنتەکستی ئەوروپیدا بە یەکەم جار لە چەرخی ناڤینی دەمەو کۆتایی و سەرەتانسدا "فەیلەسوف" وەک مامۆستا و زانای سەربەخۆ دیاردەدات. بە پێچەوانەشەوە زانایان لە کۆنتەکستی ئیسلامیدا سەر بە مەدرەسەی جیاواز بوون و بواری کارکردنیان بۆتایبەتی "پراکتیکی" بوو. بەڵام زەرینەی فەیلەسوفە "مەزنەکان"ی ئیسلام لە فەرگە پزیشکییەکاندا پێگەیەنران، ناوبانگیشیان تا ڕادەیەک دەگەڕەتەوە بە زانینی پزیشکییان. فەرگە پزیشکییەکان نەک تەنیا نموونەی فەرکردنی مۆرێفەی پزیشکی بوون، بەڵکو زەرتر لەوەش

سەرجەم کانەنی زانینی ناسراوی ئەو دەمەیان بە فەرخوازان دەگەیاند و بواری تەواو جیاوازی لە خە گرتبوو: "زانستە سروشتییەکان"، ئەستێرەناسی، ماتماتیک، فەلسەفە و لۆگیک، قورئاننناسی و یاسای (شەریئەی) ئیسلامی. هەر بۆگوەرەی ئەم بوارانەش گرنگیدانی زانستیانەی زانا ئەرەبی-ئیسلامییەکان گشتگیر بوو. بەدگەمەن زانایەکیان تەدا بوو کە تەنیا لە یەک بواری زانیندا دەرکەوتبەت. بۆگومان هاوکات گەرەکە ئاماژە بە فەرگەی دیکەش بدەین کە هەمان زانینی گشتگیریان دەگەیاند، بە نموونە بیت ئەلحیکمە، فەرگەکانی وەرگەەان، هەروەها سەرەتا فەرگەکانی قورئان و شەریئە.

3-1 ئەلکندی و هزری نوەپلاتەنی

شارەزایی گشتگیر لە سەرجەم زانستەکاندا هەروەها ئەدگاری یەکەم فەیلەسوفی مەزنی ئەرەبی-ئیسلامی بوو. ئەبو یوسف یەئقوب ئیبن ئیسحاق ئەلکندی نزیکەی ساڵی 800 لە کوفەی باشوری ئەراق هاتەجیهانەوە. باوکی لەوە پارەزگاری دەوڵەتی ئەباسی بوو. ئەلکندی بە چەەەک سەر بە حەزرەمەتی باشووری ئەرەبستان و هەزی کیندە بوو، هەر بۆیە ناونراوە "ئەلکندی". ئەو تەنانەت لە سەردەمی ژیانیدا وەک "فەیلەسوفی ئەرەبەکان" ناوبانگی دەرکردبوو، لە ەاستیشدا بە ماوەیەکی درەژخایەن هەر تاکە فەیلەسوفی بەواتای چەەەک ئەرەب مایەوە. ئەمە هیچ شتێک لەبارەی پگەیاندنی فەرگەیی ئەو نازانین، وەلە زانیاریمان لەبارەی سەرئەنجامی پگەیاندنەکەی هەیە: "فەهرەست"ی ئەلنەدیم کە لە سەدەی دەیەمدا نووسراوە و کەکراوەیەکی هەموو نووسینەکانە لەکاتی محەمەدەوە، ناوی 240 بەرهەمی کندی دەبات. بۆگومان ئەم لیستە گەتاری بچووک و نامەش لە خە دەگرەت، وەلە فرەجەریی ئەو بابەتانە کە کندی کاری تەدا کردوون، بەتایبەتی سەرنجەاکەشە: فەلسەفە، تیەلۆگی، لۆگیک، ئەستێرەناسی، ئەلخەمی، ژمێرە، ئەندازە و موزیک.

بەرهەمەکی بەواتا کە لەنەو ئەم بەەی بابەتەکانی کندیدا ماوەتەوە، نووسینەکە بە ناونیشانی "لەبارەی یەکەم فەلسەفە" کە پشکەشی خەلیفە ئەلمەئمونی (842 مەردووە) کەردووە. کندی پیوەندییەکی تایبەتیی بەو خەلیفەیەوە هەبوو: بوو بە ەاوژکاری متمانەپکراوی ئەو و مامەستای کوەەکی بە ناوی ئەحمەد. ئەو هەروەها بوو بە ەاوژکاری ئەلواتیق (847 مەردووە) کە وەک خەلیفە جێی مەئمونی گرتەوە. وەلە لە سەردەمی دەسەەاتداریی خەلیفە ئەلموتەوەکیلدا (861 مەردووە) دووچاری دەسیسەیەکی نەو کەشک بوو و دوای ئەوەی بەو هەیەوە بەر غەزەبی خەلیفە کەوت، ئیدی بەغدادی بەجێهێشت. کندی ساڵی 873، پدەچەت هەژارکەوتوو و بەزار، کەچی دوایی کرد. ئەمە

بۆگومان دەتوانین ئەم تێواوانە پەیوەند بکەین بە کێشی هێشکیی گەڕاوی ئەو سەردەمەوە: خەلیفە ئەلموتەوەکیل "میحنە"ی خەلیفە ئەلمەئمونی هەوەشاندەوە و بیروباوەڕی موئتەزیلەیی تەکردەوە، هەروەها تەزی ئەزموونیەتی قورئانی کرد بە دۆگمی فەرمی. ئەوە بوو ئیدی بەو ڕێیەوە ئەرتەدەکسیی سوننی خۆی بەسەر موئتەزیلەدا سەپاند، کە هەروەها کندیش بە یەکێک لە لایەنگرانی دادەنرا. لە کۆتاییدا تەنیا ئەو ناوبانگە بە کندی مایەوە کە وەک زانا و بۆتایبەتی وەک فەیلەسوف پێی گەیشتبوو. بە هەر حاڵ، ئەمە لای کندی بە یەکەم جار بەو پەڕەوگرەدانەی هزری ئەیستەتەلیس و نوپلاتۆنی دەگەین کە بە فەلسەفەی ئەرەبی-ئیسلامی زۆر بەواتا بوو، یان بە شێوەیەکی دی ببێژین: دەگەین بە ئەیستەتەلیسی نوپلاتۆنیانە ڕاڤەکراو. لەم جێیەدا گرنگە کەمێک بڕۆو پاش بگەڕێینەوە تاکو واتای ئەم هزرە پێشان بدەین. ئاخر فەلسەفاندنی نوپلاتۆنی نامە دەنوێنێت بە ئاگایی "مەدەرن"ی ئەمە، جا گەر تەنانەت نەبێژین وەک بەواتا دیار دەدات: لەو فەلسەفاندنەدا ئاخافتن هەیە لەبارەی "کایەکانی مانگ"، لەبارەی "ژان" (ئەماناسیۆن)ی زێن لە کایەیەکەوە بە یەکێکی دی، ئەمەش پتر لە یاریبازی غەیبانییەت دەچێت نەک لە فەلسەفە.

هزری نوپلاتۆنی

نوپلاتۆنیزم یەکێکە لە دواینمینەی ئەو بەرنامە مەزنە فەلسەفییانەی ئەنتیکە کە دیانووت جیهان وەک سەرجەم هەوونبکەنەوە و دیاریبکەن. ئەوجا فەلسەفەکان لە هەووی پێکهاتیانەوە چەند جیاوازیش بن لە یەکدی، هێشتا هەر هەموویان لەژێر ڕکێفی پارادیگمای ئەنتەلەگیدان، واتا ئەو ئاستەیەی فەلسەفاندن کە لەبارەی بوون دەپرسێت، کەواتە دەپرسێت، داخە چی ئەوەکەیەک، شتەک، هەوشەک، بە ئەوەکەیی خۆی بکات. پەیوەند بەم پرسیارەوە هەموو فەیلەسوفانی ئەنتیکە لەوەدا هاوڕا بوون کە ئەم "بوون"ە (بە گریکی "ئۆن / Ón")، کە کرێکی (ئەسێنسی) شتەکانە، دەبێت چەنتیەیەکی جیاوازی لە لەڕبوونی (وجودی) ماتریالیانەی خۆی هەبێت. بەم شێوەیە هزرینی ئەنتەلەگیانە لە لەڕبوونی کەنکرێتی شت دوورمان دەخاتەوە و دەمانبات بڕۆو هەوەدان بە تێگەیشتن لە "کرێک"ی شتەکان، لە "بوون"یان. بەمەش ئیدی فەلسەفە "مەئریفەی زانستیانەی هاستی"یە، واتا مەئریفەی پێکهاتەی هاستینەی بوونە – وەک چۆن ئەیستەتەلیس دەبێژێت (مەتافیزیک، 20 ،933b). ئەمە بۆگومان نەک تەنیا سەرجەمێتیی جیهان و گەردوون لە خۆ دەگرێت و

بەو ڕێیەوشوێ دەبێت بە ووتنکردنەوەی گردووناسیانەی جیهان، بەکو هەروەها پرسیاریش لەبارەی کرکی ڕەکخراوی جیهان، لەبارەی ئامانج (بە گریکی: تلس) و مەغزاکەی لە خۆ دەگرێت. بەیە فلسەفاندنی ئەنتلۆگیانە هەمیشە لە سەرئەنجامدا دەگات بە پرسیار لەبارەی پێکهاتەی ڕاستی و بوونی "پێتی"، بەمەش هەروەها دەگات بە پرسیار لەبارەی "هەرە یەکەمین بنەڕەت" (Urgrund) ی سەرجەم بوون. هەر بگوترێ ئەمەش وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە لەبارەی بوون کراوە، چەند پلەیەکی یان چەند مەرتەبەیەکی پێکهاتەی شتێک وەک سەرئەنجام لەتەک خۆیدا دەهێنێت: لە ئێکزیستێنسیا (existentia)ی پێتییەوە، واتا لە ئەوەکێ-بوونەوە ووەو ئەسێنسیا (essentia)ی یان ووەو چی-بوون ی ئەوەکەیێک / شتێک.

پلاتۆن بوونی پێتیی وەک ئیدە (ئایدەس / eidos) دیاری کرد. بە تەروانینی ئەو ئەرکی فلسەفە هەڵچوون بوو لە ڕاستی بەچوونی (دۆکسای / doxa) پێتی و دیاردەی سێنسیبڵەوە ووەو ڕاستی مەئریفەی (ئێپیستەمەی / episteme) فەرمەکانی بوونی ڕاستینە: ووەو خودی ڕاستینە و چاکە و جوانێتیی پێتی، کە دوایمین تەپکی ئەنجامیانەی بریتییە لە "یەک" (ئەلئەحەد). وەلە مایەی سەرنجە کە مەئریفەی بوون لەم ڕەبازەی ئیدەکانی پلاتۆندا یادهێنانەوەیە (ئانامنێزیس / anamnesis)، واتا: کاتێک دەروونی ئاوارەکراو بە نەو لەش خەی سیستەماتیکییانە یان "زانستییانە" بە کرکی بوونەوە خەریک دەکات، لەم ڕەوتەدا دەگەڵتەوە بە ئێکزیستێنسی پێشینەیی خەی بەر لە ئاوارەکردنی بە نەو لەش، واتا بە ئەو ڕەوشە دەگەڵتەوە کە دەیتوانی "بە چاوی هۆش" ڕاستەوخۆ لە ئیدەکان بڕوانێت. کەواتە کاتێک سێنسەکانمان شتێکمان لەبارەی جیهانی دەرەوە پێدەگەیێنن بە ئەوەی هەرگیز پێمان ببێژن کە داخۆ کرکی، ئەسێنسی، بوونی جیهان چی بێت، ئیدی لەرەوە ئەو دەرئەنجامە دەکەوێتەوە کە دەبێت مەئریفەی بوون سەرتا لەنەو ئەمەدا وێنەوزی دابێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕەوتی مەئریفەی فلسەفە لە جیهانی بەرجەستەیی دوورمان دەخاتەوە و دەمانبات ووەو "وانین"ی (نزاری) هۆشکییانەی پێتی لە جیهان. بگومان ئەم ڕوانینە هۆشکییە پێتییە تایبەتە تەنیا بە کەمینەیێکی دانایان.
شاگردە مەزنەکەی پلاتۆن، ئەریستەتالیس، بە پێچەوانەوە وای دادەنێت کە ئاگایی مرۆڤ بەجۆختی دەتوانێت ڕەگەی ووەو مەئریفەی بوون، ووەو ڕاستی، بگرێتە بەر. گەر فلسەفە زانستی گشتێتی یان هیینی بنەڕەت و هەکارەکان بێت، بەمەش لە کۆتاییدا زانستی کرکی شتەکان و بوون بێت، ئەوا دەبێت سیستەماتیکی بێت، لەڕەشەوە دەبێت شیاوی

فەرکردن بێت و هەموو یەکێک لەی تێبگات. بەیە ئەیستەتلیس لەگیکییانە ڕەگەی مەئریفە لە دەرککردنی سەنسیانەی شتکانەو دەگرێتە بەر، لەڕشەو ئیدی زانست وەک لای پلاتەن "یادهەنانەو" نییە، بەکو ئەزموونە. ئەیستەتلیس هەر بەگوڕەی ئەم تەوانینە بایەخکی زەر دەدات بە مەتەدناسیی ڕەگەکردنەو ووو گەزارە ئەزموونییەکان و هەروەها بە بناغەشتنی دەرئەنجاماندن (سیلەگیزم / زانستی قیاس – و). فەلسەفە وەک زانستی بنەەت و هەکاری بوونەوەر هەروەها دەمانبات ووو پرسیار لەبارەی "یەکەمین" بنەەت و هەکارەکان. ئەم ئەیستەتلیس ناچار دەکات کایەی زانستەکانی ئەزموون جبهەەت، کە ئیدی ئەویش هاوشەوەی پلاتەن دەگات بە کایەی کرەکە "ناماتەریەلەکان"ی (هەشکییەکانی – و) بوون. لەڕدا ئاوەزمەندانە دەبێت کە مرەق 'پاش' مەئریفەی جیهانی فیزیکی یان جیهانی شیاوی دەرککردنی سەنسی، کار لەم پرسیارەدا بکات. لەبەر ئەم هەیە بوو کە ئالەکساندەری ئافرەدیسیاسی، کە لە سەدەی دووەمی پەش زایینیدا خەریکی توەژینەوە بوو لە ئەیستەتلیس، پرسیارەکەی ناو نا "مەتا تا فیزیکا": "پاش فیزیک" (لەڕەو وشەی "مەتافیزیک" سەریهەەدا). کەشکە لەڕدا خەریکبوونە بە یەکەمین پرنسیپی بوونەوە کە مرەق لەگیکییانە بەنەو زنجیرەیەکی هە و ئەنجامدا پەی دەگات. ئەیستەتلیس ئەم یەکەمین پرنسیپەی ناو نا "بزوەنەر نەبزواو" (لە: Metaphysik, 1012) و چوونیەک داینا بە پرنسیپی خودایەتی. پرنسیپەکە لە هەزری تایستیی سەردەمانی درەنگتردا بوو بە "بزوەنەری نەبزەک" کە چوونیەک بوو بە خودای کەسکییانەی ئافرەنەر.

لەڕەو ەووندبەتەوە کە بەچی پلاتەنیزم و فەلسەفەی ئەیستەتلی توانییان بچنە پەیوەندییەکی چەەو لەتەک ئایینە مەنەتایستییە جیهانییەکاندا: تیلەگەکانی جوویەتی و کریستیانەتی و ئیسلام لەوەدا یەکدەگرنەوە کە پەکەا دەگەەنەوە بە ەوونکردنەوە فەلسەفەییەکانی جیهان لە ئەنتیکەدا. ەەبازی ئیدەکانی پلاتەن ەاستەتیی پەتی، واتا بوون، دەباتە نەو کایەیەکی ناماتەریەوە کە مرەق تەنیا بە "لەەوانینی / نەزەری" دەروون پەی دەگات. ئەم ەەبازە شوەنەک بە ئیمان دەسازەنەت. هەروەها ئەیستەتلیس دەرفەت دەەخسەنەت بە ئاوەی "یەکەم بزوەنەر"ی خودایی هاوکات وەک کەرتی ەەکخراوەکی سەرجەم بوونەوەران دیاربدات، ەەکخراوەک کە دەشەت سیستەماتیکییانە ئاوەەا بکرەت و بەمەش ئاوەز پەی پەببات. هەر بەم شەویە دەتوانین وای دابنەین کە خودا جیهانی مەغزامەندانە ەەکخستووە و مرەقیش دەتوانەت بە ئاوەز لەی تێبگات، ئەویش چونکە

خودا خۆی ئاوەزی پێتییە. لەڕ ئەستا شوێنێک بە مرۆڤ وەک بوونەوەری ئاوەزمەند دەهێنرێتە گۆڕێ. ئەوجا کاتێک فەلسەفەی چەرخی ناڤین کەوتە دەمقاڵەی بەتینەوە لەبارەی کرێکی ئاوەز پەیوەند بە کرێکی خودا و ئیمانەوە، لەڕدا درزی سەرهەڵدەوی نەوان فەیلەسوفان بەزەریی لەوەدا بوو کە هەر لایەنێیان جەختی لە میراتێکەی پلاتۆن یان ئەیستەتەلیس دەکرد. لە کۆنتەکستی ئیسلامییانە و کریستیانییانەی چەرخی ناڤیندا تەنیا ژمارەیەکی کەمی فەیلەسوفان بە پرسیارە ڕادیکاڵ و تەزەکانیان چوونە دەرەوەی هزرینی ئەنتەلەگیانە، لەڕشەوە ڕێیان خۆش کرد بە شوێنگرتنەوەی ئەو جۆرە هزرینە ناوبراوە. سەرەتا لە فەلسەفەی ئەرەبی-ئیسلامیدا بەووونی جەخت دەکرا لە میراتی نوەپلاتۆنی.

نوەپلاتۆنیزم لە ئەنتیکەی دەمەو کۆتاییدا (درەنگدا) دوایەمین هەوەڵک بوو بە ئەوەی هزری پلاتۆنی و ئەیستەتەلی بە شێوەیەکی سیستەماتیکی و لەسەر پرنسیپی یەکانە پێکەوە بگونجێنرێن. لەڕدا هەروەها فەلسەفەی دیکەش کە لەژێر کاریگەریی هزرقانانی مەزنی گریگیدا بوون، وەک ستۆئایکی و گنۆستیکییەکان کە پاڕەزی خەیان نارد، ڕۆژانە نەو نوەپلاتۆنیزمەوە. ئەوجا گەرچی پلۆتین (205-270) دامەزرێنەری نوەپلاتۆنیزم نییە، وەلێ بە یەکەمین و گرنگترین نوێنەری دادەنرێت. پلۆتین، خۆگرێداو بە پلاتۆنەوە، ئەم تەواوینە ڕادگەیەنێت: بوونی "پێتی" تەواو هەشکییە، بوونێکی بەدەرە لە ماتێری، ئەوجا گەرچی مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا پەیوەندیی بەو بوونەوە هەیە، سەرەڕای ئەوە تەنیا بە ناڕەشنی هەستی پێدەکات، تەنیا "هەناسە"یەکی ئەو بوونە ئاگامەندانە دەناسێتەوە. پلۆتین لە خۆی دەپرسێت کە داخۆ چۆن ئەم کەماسیی مرۆڤەی پێتی ڕوون بکرێتەوە، لەڕشدا سەرەتا بۆی خویا دەبێت کە جیهانی ماتێریانەی ئەزموونکردنمان لەژێر ڕکەفی سەرهەڵدان و لەناوچوونداین (فانیە)، بە پێچەوانەشەوە گەردوون و ڕێکخراویەکەی (گریکەکان لە کۆسمۆس دەدوان) هەمیشەیین. گەردوون لەڕبوون و ڕێکخراویی خۆی وەک سەرجەم دەپارێزێت، جا گەرچی کەرتەکانی تایبەتن بە لەناوچوون. لەم تەواوینەوە دوو دەرئەنجام بە پلۆتین دەکەونەوە: یەکەم، ئەوە کە نافانی و ئەزەلییە، دەبێت هاوشێوەی ئەوە کە فانی و کاتکییە، شوێنکی چەسپی لەنێو ئەم ڕێکخراوەدا هەبێت؛ دووەم، دەبێت نافانی چەنتییەکەی دیکەی، واتا باشاتری لە ئەوە هەبێت کە فانییە. بەم شێوەیە دوو ئەدگاری نوەپلاتۆنیزم کە سەرەتا بە لەڕوانینکی ڕواڕەتی وەک "نافەلسەفەیی" و ئەستەریکییانەی پەرەشمەند بەمان دەردەکەون، چ وەک زانستی جددی و چ وەک بەشکی دابی فەلسەفاندنی پلاتۆنی-ئەیستەتەلی ڕووندبنەوە.

ڕۆکخراوی "جیهان" کۆسمۆلۆگیانەیە، گشتگیرە، هەروەها "پلە"یەیە لە بوونی نافانی و پەتیەوە بەرەو ژێر ڕووەو لەربووونی فانی کە تەنیا ماتریانەیە. بەم ڕێیەوە لە فەلسەفەی نوپلاتۆنیدا ئاخافتن لەبارەی "کایە" کۆسمۆلۆگیەکان واتای فەلسەفەیی وەردەگرێت. ڕۆکخراوی ماکرۆکۆسمۆس پێکەوە لەتەک ڕۆکخراوە نافانیەکانی ئاستەرکانیدا، بەرەو ژێر ڕووەو جیهانی بگرە کە ئەمە لاسەری دەبزوێن، لەو ڕۆکخراوەدا وێنەدەرەتەوە کە ئەمە خۆمان وەک بوونەوەری هزرڤان لەژێر ڕکەفیداین. لەربووونی ماتریانەی جەستەیمان بریتیە لە پلە فانییە نزمترینەکەی بوون، بە پچەوانەشەوە ئاوەزمان یان هۆش ئاستێکی ڕووەو بوونی نافانیی پەتی وەرگرتووە.

تەوانینی ڕۆکخراوی گەردوون کە کایەی جیاواز لە خۆ دەگرێت، دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی سروشت ی گریکی لە قۆناغی کلاسیکییدا، وەلە بەتایبەتی بۆ ئەپیستەتەلیس، کە هێڵی سووانەوەی بۆ پلانەتەکان دانا، واتا کایەی (سفێری) تایبەتی دانا کە پلانەتەکان لاسەریان دەبزوێن. ئەپیستەتەلیس بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بزووتنە وای گریمانە کرد کە "سفێرگەلی هاوکێش" هۆن و کاریگەری لاسەر یەکدی دەنوێنن. وەلە بەگوێرەی ئەم گریمانەیە دەبوو سەرجەم بزووتنەکانی پلانەتەکان لە کۆتاییدا بگەڕێنەوە بۆ دەرەکیترین کایە کە خەیشی لە لایەن "بزوێنەری نەبزۆکەوە" بزوێنرابوو، هێندە نەبێت کە نەدەشیا ئەم بزواندنە میکانیکییانە بەربخرێت، چونکە دەبوو "یەکەم بزوێنەر" فەرمکی ناماتریانەی (هۆشکییانەی – و) هەبێت کە ئیدی لە لایەنی خەیاڵەوە نەبێتەوە بۆ کەرتی پەیوەندییەکی هۆ-ئەنجام. کۆواتە ئایا بۆ چ ڕێیەکەوە بزووتنەکە هێنرایە گۆڕێ؟ نوپلاتۆنیزم وەڵامکی سەرنجڕاکێشی ئەم پرسیارەی دایەوە: ئەوە بەڕێی خودی "ژیان"ـەوە، بۆ گریکی بەڕێی پسیهە-وە (psyché) ڕووی دا، واتا بەڕێی ئەوەوە کە ئەمە بۆ دەروون وەریدەگێڕین. کۆواتە "زیندە" یان "دەروون" لە باڵاترین کایەوە پلە بە پلە دەژێتە خوارەوە. ئەم ڕژانە ناودەنرێت "ئەماناسیۆن" (Emanation). لەم ڕوانگەیەوە یەکەم بنەڕەتی سەرجەم بوون خۆی لاسەر باڵاترین پلەکەی ڕۆکخراوی گەردوون دەبینێتەوە. ئەم یەکەم بنەڕەتە دەبەخشێت لە ڕووی چەنتیەوە ئەوەکەیکی تەواو جیاواز بێت لە پلە نزمترەکانی بوون، بەڵێ ئەمە کە وەک مرۆڤ بە پلەی ماتریانەی بوونەوەر گرەدراوین و پلەیکی نزمترە، تەنیا بە شیفرە (Chiffre) دەتوانین ئەو یەکەم بنەڕەتەی بوون دیاری بکەین: وەک "یەک-ی هەرە سەرەتایی"، ئەویش چونکە شیاوی دابەشاندن نییە بەسەر کەرتگەلی دیکەدا و هەروەها لەژێر ڕکەفی هیچ

دەخگۆییەکدا نییە؛ یان ئەمە ئەو وەک "ئەبسولوت" (لەجیابوە) دیاری دەکەین، چونکە ئەو گشتگیرە و بەمەش لە توانستی سنووردارى هزرمان جیابۆتەوە. "یەک-ی هەرە سەرەتایی" خەی لە خەیدا شتەکی سەرجیهانییە، ترانسسەندەنتە، بەیە لەخۆا نییە کە نۆپلاتۆنیزم خوازەی "تیشک"ی بە بەکاردەهێنێت: یەک-ی هەرە سەرەتایی بریتییە لە تیشکی پۆتی کە ئەمەی مرۆڤ کوێر دەکات. وەلە پلاتین هەروەها یەک-ی هەرە سەرەتایی ناو دەنا "بابە"، بەمەش نزیک دەبینەوە لە ڕاڤەکردنی تایستییانەی هەرە یەکی سەرەتایی وەک خودایەکی کەسەکی.

بەدووی یەکەم بناغەی بووندا بینایەکی پلەیی شەدەبۆتەوە تا دەگات بە لەرەبوونی "تاریک": لەرەبوونی ماتریالیانەی پۆتی.
کایەی یەکەمی "خودایانە"ی تیشک لە کایەکەی دیکەدا وەک هەشی پۆتی (نووس / nus)، یان وەک هزری ئەها، دیاردەدات. هەشی پۆتی، هزری ئیدە پۆتییەکانی سەرجەم بوون بەرجەستە دەکات. ئیدە پۆتییەکان لە پەناوی بەماتریکردنی خەیاندا دەڕژنە نەو زیندەوە، واتا نەو دەروونی جیهانەوە. بەم شێوەیە یەک-ی هەرە سەرەتایی، بە نەوندیاریی هەش، خەی بزیندوویی لەنەو دەروونی جیهاندا پێشان دەدات. کەواتە خودا، یان یەک-ی هەرە سەرەتایی، سەبارە لەنەو جیهاندایە: وەک تیشکی پۆتی و ئەها (ئەبسولوت)؛ وەک هەش کە ئیدە پۆتییەکان بەرجەستە دەکات؛ هەروەها وەک دەروونی ژیانخەرەوەی جیهان. ئەم بنەماتە دەرفەتی بە تیەلگیی کریستیانەتی ئەخساند کە بە بەوا بنەمایەکەی خەی لەمە سەیەکانە زەر بەچاکی لەتەک نۆپلاتۆنیزمدا یەکبگرێتەوە. بە هەر حاڵ، پاشان ئەوتی پلەکان بەرەو خوارتر شەدەبۆتەوە تا دەگات بە ماتریی نەفەرمەنراو. پلاتین ئەم ماتریییە نەفەرمەنراوە هاوچوو دادەنێت بە تاریکیی ئەها و خراپە. ئالەرەدا مەدەلەکی هزرینی گنۆسیس تەکنە بە فەلسەفەی نۆپلاتۆنی دەبەت. "گنۆسیس" (کە بە گریکی واژەیەک بوو بە "مەئریفە") بە دیدی کلەمەنس ی ئالەکساندریایی (150 تا نزیکەی 215) مەئریفەی خودا بوو بەپاە کرداری پابەندی ئیمانی کریستیانییەوە. وەلە گنۆسیس هەروەها واتای هەوەستەکی ئایینی-فەلسەفەیی دەگەیەنێت کە لە ئەنتیکەی ئەمیدا هاتە ئاراوە و دەیویست بەهۆی "وانینی / نەزەر"ی میستیکییەوە بە خودا بگات نەک بەهۆی مەئریفەی ئاوەزمەندانەوە. بەمەش گنۆسیس دەبەت بە شێوەیەکی "زانینی نهێنی" کە تەنیا موختاران دەتوانن پەی بگەن. لایەنی هاوبەشی سەرجەم ئەبازە گنۆستیکییەکان بریتی بوو لە دوالیزمی چاکە و خراپە کە تێدا چاکە وەک خودایەتی و هەشکەتیی پۆتی، وەلە خراپە وەک ماتەری و ئارەزووکان کە خودی ماتەری وروژێنیان بوو،

دیاری دەکران. بەگومان مرۆڤ پابەندی هەردووکیانە، سەرەڕای ئەوەی دەبێت بە خۆڕاس (زگاربوون) لە لەشی ماتریانەی گوناهبار تێبکۆشێت. ئەوجا نیۆپلاتۆنیزمیش تەواوینەکی هاوشێوەی هەیە: ئامانجی مرۆڤ جیابوونەوەیە لە لەشکۆتیی خۆی – لەشکۆتیی کە "تاریکی" و "خراپەی" لێکخراوی بوون بەرجەستە دەکات. وەلێ ئێستا کۆسمۆلۆگیی نیۆپلاتۆنی لێوتی پلۆکان هەڵدەگێڕێتەوە، ئامانجی سەرنج، چونکە لەرەدا دەتوانین کۆسمۆلۆگییەکە بە تێلیۆلۆگی (هاوئاهەنگیی دابنێین، ئاویش چونکە ئامانجێک (تێلۆس-ێک) بە مرۆڤ و جیهان دادەنێت. ئاخر چۆن هەر کایەیەک دەژێتە نێو هەر فۆرمێکی نزمتری بوونەوە، مرۆڤیش بە هەمان شێوە دەتوانێت لێگەی بەرۆڤاژ بگرێتە بەر: بەهێزی ئاوەزی بەی دڵسۆزی خۆی لە لەشکۆتییەکەی و بەرەش لە خراپەی نێو لەشی ئازاد بکات و بگات بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەک (ئەلئەحەد): لە خودایەتی. وەلێ ئەم تێپەڕکردنە لە جیهانی ماتەری بە هیچ شێوەیەک لای نیۆپلاتۆنییەکان هەڵپەچێتییەکی جەمبوو (ئیستێری) نییە، بەڵکو زەرانێکە لە پێناوی زانیندا، بەگومان زەرانێک کە بە ئەیستێتلیس مەشقی پێکراوە: بریتییە لە فەلسەفە وەک زانستی تەواوەتی، هێندە نەبێت کە لە کۆتاییدا (جیاواز لە ئەیستێتلیس) ئاماژەیەکی هەبێ بووەو لەرەبوونی "بزوێنەرێکی نەبزڕ" خۆی نابینێتەوە، بەڵکو ئەزموونێکی میستیکی (تەسەوفی) لێو کۆتاییدایە، یان هاوئاهەنگ لە خودا هەیە کە مرۆڤ تەنیا بە پشتکردنە جیهان و بە زوهد پێیدەگات.

نیۆپلاتۆنیزم وەک بەرنامەیەکی سیستەماتیکییانەی مەزنی هەوڵکردنەوەی جیهان دەردەکەوێت کە خۆی بە فەلسەفاندنی پلاتۆنی و ئەیستێتلییەوە گرێ دەدات، وەلێ هاوکات توخمگەلی دوالیزمێکی مێتافیزیکی و مەرالی لە خۆ دەگرێت، دوالیزمێک کە دەبێت بە دوژمنکاریی لەش و وەرگرتنی شەوازی ژیانی زاهید (ئاسکەزی) و ئەزموونی میستیکی. بەتەواوەتی ئا لەرەدا بوو گرنگیدانە تایبەتییەکەی فەیلەسوفانی ئەرەبی-ئیسلامی بە نیۆپلاتۆنیزم. ئاخر نیۆپلاتۆنیزم شیاوی وەرگرتن بوو چ وەک بەردەوامیپێدان و چ وەک دەرخستەی چارەسەر بە ئەو دانوستاندنانەی تیەلگیی سەرەتای ئیسلامی و موتەکەللیمونەکان کە سەبارەت بە کرێکی خودا و ئافرێنراوەکەی، هەروەها سەبارەت بە پێوەندیی مرۆڤ و زەینی مرۆڤ بە کرێکی خوداوە، بەردەخران. وەلێ جێی سەرنج کە "ترۆپک"ی لێکخراوە کۆسمۆلۆگییە نیۆپلاتۆنیزمییەکەی جیهان لە دیدی ئیسلامییەوە پەکشە بوو، چونکە زەر دەشیا ئەو تەرپکە چ وەک هەمای سێ-یەکانەی کریستیانەتی و چ پانتایستییانە راڤە بکرێت، بەڵکو خودا قادیرە ئافرێنەرەکەی قورئان بهیچنەزانێت (نافی بکرێت). لەرەوە چەند

پرسیارێک سەربانهەدا و هیچ نەبێت یەکەمین هزرڤانێ سیستەماتیکییە مەزنەکانی فەلسەفەی ئەرەبی-ئیسلامی کاریان تێدا کردن: ئایا چۆن ژیانی یەک-ی هەرە سەرەتایی، واتا خودایەتی، بە پلەکەی دی ووجودات و ئووجا بە پێچەوانەشەوە ئایا چۆن ئەم لە هەنگاوی هەشی مرۆڤ ووە "نزار / ڤانین" لە هەیەتی (ئەلموتەق) تێبگەین؟

مەتافیزیک و تیەریی زەین لای ئەلکندی

کندی بەهەزتر لە فەیلەسوفانی پاش خۆی هەوە بە بەیەکگەیاندنی پەیامی قورئانی و فەلسەفەی گریکی دەدات. ئەو لەنەو فەیلەسوفانی بەواتای ئیسلامیدا تاکە فەیلەسوفەکە کە تەواینی ئەیستەتلیس سەبارەت بە ئەزەلییەتی جیهان هەتدەکاتەوە و ئافراندنەک لە هیچەوە (ئەکس نیهیلە / ex nihilo) وەردەگرێت، چونکە تەنیا ئەم تەواینە بە خودا ئافرێنەرەکەی قورئان دەگونجێت. بەگومان ئەم خەزگەیەی کندی بە یەکەتیی نەوان ئیمان و ووونکردنەوەی فەلسەفییانەی جیهان ناگەهەتەوە بە ناچاریەک بەرانبەر زانا ئەرتەدەکسکانی ئایین، هەروەها هەوەستەکی هەلبازانە نییە بەرانبەر ئەوان، بەڵکو نیشانەی ئیمانداریەکی قووڵە. جگە لەوە کندی زەر بە بایەخەوە دەیویست سیستەماتیکییانە ئیدگەلی فەلسەفەیی دیاری بکات، ئەمەش تەنیا بەودا نابینرێت کە هەوڵی دا ژمارەیەکی زەر فەیلەسوفی گریکی بە ئەرەبی وەربگەڕێن، بەڵکو هەروەها هەبەریەکەشی بە نووسینی "لە بارەی یەکەم فەلسەفە" هەواڵەکمان لەو بارەیەوە پێدەگەیەنێت. ئاخر ئەو لەم نووسینەیدا گەڤی خوێندەر دەکات کە "لە هەر سەرچاوەیەکی خوازراوەوە، جا گەر تەنانەت هینی نەوکانی ئابوردوو و گەلانی دیکە بێت"، تەواینی هەبەهێنجێت. بە دیدی ئەو فەلسەفە بریتییە لە "ناسینی سروشتی ئاستینەی شتەکان تا ئادەی بەکردنی توانای مرۆڤ بە ئەو ناسینە"، هەروەها نابەت هیچ ئاستەنگەک لە بەردەم ئەو مەبەستەدا هەبێت(1). باوەجو، وەک کندی دەبێژێت، فەلسەفە لە سەرئەنجامدا هەر بەو تەواینە دەگات کە پێشتر پەیامەکەی قورئان گەیاندوویەتی، ئەمەش هەروەها یەک-ی هەرە سەرەتایی، واتا خودایەتی، دەگرێتەوە. بەگومان کندی لەرەدا تەنیا پێی دەکرێت ئاماژە بە ئەوە بدات کە ئاوەزی مرۆڤ لە توانایدا نییە هیچ لە بارەی کرەکی خودا ببێژێت، لەم تەواینەشدا پەیەوی هزرڤانە نوپلاتۆنییەکانی کریستیانەتیی سەرەتا دەکات کە گەتبوویان، ئاخافتن لە بارەی خودا کارێکی نەشیاوە. ئەم شەوازەی ئاڤکردن کە لە مێژووی فەلسەفەدا ناونراوە "تیەلوگیی نەگەتیڤ"، فەیلەسوفانی ئایندە ڕەتیان کردەوە، چونکە بە دیدی ئەوان دەرفەت

بە وەهامدانەوەی پرسیارە فەلسەفییەکان نادات.
کندی زۆرتر بە تیۆریەکەی خۆی لەمەڕ زیەن کاریگەریی لەسەر فەلسەفەی ئیسلامی نواند. ئەو لەڕدا هەڕەمی پلەییانەی بوون کە لە نوپلاتۆنیزمدا گەیان پەدراوە، هەدەگەتتەوە، واتا لەژەرەوە بەرەو ژوور دەڕوات. دەرچەی پرسیارەکەی کندی لەم پەیوەندییەدا ئەمەیە: ئایا چۆن زیەنی مرۆڤ کە پابەندی ماتەریە، دەتوانێت بە هەشی پەتی (نووس) بگات؟ کاتی خۆی ئەیستەتەلیس جیاوازیی کردبوو لە نێوان دوو فەرمی زیەندا (De anima III, 430a): زیەنی چالاک (intellectus agens / activus) و زیەنی ناچالاک یان موئاناتاوی (intellectus passivus). زیەنی چالاک بریتییە لە چالاکیی کرۆکی و مەئریفە دەخاتەوە، بە پێچەوانەشەوە زیەنی ناچالاک تەنیا وەرگرە (rezeptiv)، واتا تەمارکەرە و بە جیهانی ماتەریەوە گرێدراوە. وەلە، وەک کەورت فلاش دەبەژێت، ئەم کەنسەپتە پەیوەند بە ئەیستەتەلیسی زانای ئەزموونەوە نەک تەنیا "گوزارشتکی سووەهێنەر"، بەڵکو هەروەها پرسیاریش سەبارەت بە کرۆکی زیەنی چالاک دەخاتەوە: ئایا زیەنی چالاک نزیکی زیەنکی خودایە، ئەویش چونکە تەنیا بەهەی چالاک-بوون-یەوە "خودی خۆیەتی"؟ کندی ئەم جیاوازیکردنەی ئەیستەتەلیس لە نێوان زیەنی چالاک و زیەنی ناچالاکدا دەهێنێتە نێو فەلسەفەی ئیسلامییەوە، هاوکات دۆیەوەت خۆی لە کەشەی کەنسەپتەکەی ئەیستەتەلس لابدات، ئەویش بەوە، کە تێگەی زیەن پتر ورد دەکاتەوە و پلەی دیکە وەک نەوەندیار لە نێوان زیەنی چالاک و ناچالاکدا دادەنێت: "یەکەمیان زیەنی چالاکە؛ دووەمیان زیەنکە کە شیمانەییە / هەزکییە (پۆتەنسیەلە) و لەنێو دەروونداییە؛ سێیەمیان وەرگەیەنی هۆشە شیمانەییەکەی نێو دەروونە بە هۆشی کردەکی (ئەکتوالەتی)؛ چوارەمیان زیەنکە کە دەتوانین لەبارەی ببەژین: ئەو خۆی بەیان کردووە" (al-Kindi, 1950, 353).
کەواتە زیەنی چالاک لای کندی هەمیشە وەک باڵاترین پرنسیپ لەنێو شتەکاندا ئامادەیە، هەروەک ببەژین، ئەم زیەنە ئاوەزی پێتییە، ئاوەزی تیۆریانەیە، یان بریتییە لە نووس. زیەنی چالاک ئاستێکی هووەو جیهانی هەشکی (ئینتەلیگیبل) وەردەگرێت، واتا هووەو ئەو جیهانە کە دەبێت بگوترێ پارادیگمای ئەنتەلەگیانە وەک کرۆکی گشتی، وەک فەرمی پێتیی بوونەوەر (2)، لەی تێبگەین. بە شێوەیکی دی ببەژین: زیەنی چالاک "لە دەرەوە" دێت و کاریگەری لەسەر زیەنی مرۆڤ دەنوێنێت، واتا سەرەتا کار دەکاتە سەر پلەی دووەم. ئەم پلەیە دەروونداڕە، دەروونیش (psyché) بە فیلەسوفە ئەرەبییەکان هەروەها واتای "ژیان"ی دەگەیاند. دەروون "وەک کرۆک یەک-ە؛ گوهەری دەروون هاوشێوەی گوهەری خودایە، هەر وەک چۆن تیشکی خۆر

هاوشێوەی خۆر" (al-Kindi, 2731950). کەواتە لەنێو دەروونـدا بەشیمانەیی / هەڵکیشانە زەینی پەتی، چالاک، دانراوە. ئەوجا سەیر پلەی هزر پەیوەندییەک لە نێوان هەردووکیاندا دەهێنێتە گۆڕێ، واتا لە نێوان کایەی زەینی چالاکی دانراوی نێو دەروون و کایەی زیندەدا، واتا کایەی بزواو و پابەندی سروشتدا. ئەوجا کندی فەرمکی دیکەی زەین دەداتە پاڵ سەرئەنجامی ئەم پەیوەندییەی نێوان زەینی پەتی و کایەی زیندە، کە بریتییە لە بەیانبوونی پەیوەندییەک. ئەم بۆچوونی بەیانبوونی پەیوەندییەکەوە دەتوانین ئەو زانینە هەڵکیشە بناسینەوە کە خۆی لەنێو جیهانی بەرجەستەیی شیاوی دەرککردندا دەبینێتەوە. کندی لەسەر ئەم پلەیەی زەین زانستەکان و فەلسەفە یان پێیامهێنی دادەنێت. بەگومان کندی بەم مەدلەلە هەشتا هەر وەڵامی ئەو پرسیارە نادا تەوە کە داخە چۆن دوایی پێینەوەکە لە مەئریفەی سەنسیبڵەوە ڕووەو مەئریفەی هەشکی ڕووبدات. ئەو پەڕە بە پلەکانی زەین دەدات، وەڵە کارەکی بەم چەشنە هیچ لە پاڵیەکیی زەینەکان ناگۆڕێت گەر هاتوو ڕوونەکرێتەوە کە داخە چۆن خودی پلەکان بتوانن لە یەکدییەوە بنەگۆڕێ. ئەم دەتوانین هەی دەلاقەکان کە لەنێو فەلسەفە سیستەماتیکییەکەی کندیدان، بە ئەوە بگەنینەوە کە بەرهەمەکەی ناتەواو بە ئەم گەیەنراوە. وەڵە هەروەها دەتوانین ڕەوایەنە گومانی ئەوە لەو هزرڤانە مەزنە بکەین، کە ئەو ئاگامەندانە وەڵامدانەوەی فەلسەفییانەی هەندەک پرسیاری بە خاتری وەڵامدانەوەیەکی ئایینی پشتگوێ خستووە.

3-2 ئەڵەازی و گومانگەرایی فەلسەفەیی
(بەوانە هەمان ماپەڕ – و)

پەراوێز

(1) سیتاتەکە وەرگیراوە لە وەرگێڕانەکەی:
Watt/Marmura 1985, 331, Vgl. al-Kindi 1950, 82 ff.
2)) بەم تێگەیەدا جیاوازیی نێوان پارادیگمای ئەنتەڵگیانە و پارادیگمای نوسەردەم-مەدەرنی مەنتالیستی ڕوودەبتەوە: کانت تەنیا ئەو بابەتانە ناودەنێت "ئینتەلیگیبل" (هەشکی، دەرسەنسی) کە "تەنیا بە زەین شیاوی پێشبینیکردنن و هیچ کامەکی لەوانینکانمان ناتوانێت ڕوویان تێبکات" (Prolegomena zu einer jeden künftigen Metaphysik, § 34 Anm.). کەواتە بابەتەکان "کرەکی هەشکین" (Gedankendinge) کە ئاوەزمان بنیاتیان دەنێت بە ئەوەی بتوانین گەزارە لەبارەی دەرککردنە سەنسیبڵەکان دەربڕین (وەک: پرنسیپی کاوساڵیتی، یان زەرووڕەی کردار (die Imperative)

لە مرالدا). بە پچەوانەشەوە فەلسەفاندنی ئەنتەلەگیانە ئا لەردا شونی مەئریفەی "ەها" و ەاستییەکان بەسەر کردکی جیهانەوە دەبینەت.

سەرچاوە
Geert Hendrich, Arabisch-Islamische Philosophie, Frankfurt / M 2005

تەبینیی وەرگێ
ئەم وەرگێانانە کە بەدووی یەکدا بەاودکرنەوە، دگێنەوە بە نزیکەی پازدە ساە لەمەوبەر بە "فەرخوازان"ی بەشی فەلسەفەی زانکەی ەاپێن.

فەرهەنگێک

بچوون: لای پلاتۆن نزمترین پلەی مەئریفەیە و تەنانەت دکەوتە ژێر مەئریفەی دەرککردنی ەاستەوخۆی بابەتەوە. کە من دبەژم "بە بچوونی من ئەمە ئەوهایە"، لەردا من تەنیا وای بە دچم کە ەەوشکە ئەوهابەت، وەلە من هیچ لەبارەی نازانم.
پارادیگما: نموزج، نمونەیی، مەدەلی ەوونکردنەوە، شەوازکی مەئریفەیی.
ترانسسەندەنت: دەرجیهان، لەوبەر توانستی مەئریفەی مرۆڤەوە.
ترانسسەندەنتکردن: تێپەاندن لە کایەی سەنسی، کایەی شیاوی دەرککردن و ناسین؛ هەزنان ەووەو کایەی هەشکەتی.
تێەلگی: زانستی توژرەوە لە خودا / خودایەتی و کرکی ئەو.
تەلیەلگی: زانستی هەئەنجامی، واتا گریمانە دکات کە جیهان لە پێوەندیی هەئەنجامیدایە؛ هەردووکیان پابەندی یەکدین: هەوەک کاریگەری، ئەنجام وەک سەرهەداو لەو کاریگەرییەوە.
ەوانین (نەزەر)ی میستیکی: ئەزموونی نهەنیئامێزی دیتەنییانەی خودا (بە نموونە لە تەسەوفی ئیسلامیدا).
ستەئایک: ستەئا مەدرەسەیەکی فەلسەفەیی گریکی بەوو دوای ئەیستەتەلیس (بگشتی دوای قەناغی کلاسیکی). مەدرەسەکە بەتایبەتی ئەتیکی (ئەخلاقناسی) بوو و ەوونی دکردەوە کە چەن مرۆڤ یەکگرتەوە لەتەک "خەی" و "سروشت"دا بژی، هاوکات لەدژی سزکانی کارا بەت تاکو بەو مەئریفەیە بگات. ستەئایکییەکان خەیان هەروەها لە سیاسەت بەدوور دگرت.
سیلگیزم: زانستی قیاس، دەرئەنجامادن. لە دوو پشدانراوەوە (پرەمیسەوە) کە تگەیەکی نەوانییان هەبەت، بزەرووری دەرئەنجامەک

دەکەوێتەوە: "سەکرات مرۆڤ"، "مرۆڤ بمرە"، کەواتە: "سەکرات بمرە". سەکرات لە پێشدانراوی یەکەمدا بکرێ (سەبژێکتێ)، مرۆڤ پرەدیکاتێ (مەحمولێ)؛ مرۆڤ لە پێشدانراوی دووەمدا بکرێ، بمر پرەدیکاتێ؛ مرۆڤ لە هەردوو پێشدانراوەکەدا تێگەی نەوانیە.
سەنسی: مەحسوس، ئەوە کە بەهۆی سەنسکانەوە (چاو، گوێ، لووت، هتد) چەدەبێت.
سەیکانێ: تیۆلۆگیی کریستیانەتی جەخت لە سێ یەکانێ، یان لە سێ-یەکانێیەک دەکات کە بریتین لە: خودا جارێک وەک "بابە"ی ئاسمان کە مرۆڤان دەپارێزێت، جارێک وەک "کوڕ" (ئیسا)، واتا خودا هاتۆتە نێو مرۆڤەوە، ئەوجا خودا جارێکی دی وەک "هۆشی / گیانی پیرۆز" کە هەمیشە لەنێو کریستیانییەکاندا ئامادەگیی هەیە.
کرێکی هۆشکی، یان شتی هۆشکی / بیرکەیی لای کانت بریتین لە "ئیدەکان" کە ئاوەز خۆی بەناچاری دەیانهێنێتە ئاراوە، هەروەها "شت لە خۆدا".
کلاسیکی: سەر بە کلاس (پۆل)ی یەکەم، هەمیشە چواندوو، هەمیشە هێنووکەیی. کە دەگوترێت سۆفکلێس کلاسیکە، یان بووە بە کلاسیک، مەبەست لەوەیە کە دراماکانی ئەو هەرگیز کۆن نابن. کلاسیک جیاوازە لە "تەقلیدی"، بە نموونە مرۆڤ ناتوانێت ببێژێت: "فەان کلاسیکییە"، "ئەو پارتانە کلاسیکین".
گنۆستیک: واتا مەئریفە، کەناوێک بوو بە ئەو ئاماژانەی کریستیانەتیی سەرەتا لە سەدەی دووەم تا سێیەم کە ئیمانی کریستیانییان بە هەندێک هەزری ئینتیکەوە گرێ دەدا؛ ئەوان دەیانویست بە مەئریفەی خودی خۆ (خودناسین) و جیهانبینیێکی دوالیستی (هۆش و ماتەری) بەهای لۆشکەتی بەرانبەر هۆشکەتی تا بشێت کەمبکەنەوە، تاکو ئیدی مرۆڤ بەو هێیوە خۆاسی خۆیی بدیبهێنێت.
ماکرۆکەسمۆس: "مەزنە گەردوون"، واتا گەردوونی دەرکی بە پێچەوانەی میکرۆکەسکەس، واتا گچکە گەردوون کە لە ناخی مرۆڤدا شیاوی سەرهەڵدانە.
مەنەتایزم: ناساندنی خودایەکی "تاک" و "گشتگیر"، وەک لە ئایینەکانی جوویەتی و کریستیانەتی و ئیسلامدا.
میحنە: بریتی بوو لە "ئینکڤیزیسیۆن"ی ئەباسییەکان کە خەلیفە ئەلمەئمون ساڵی 833 دایناو هەموو کەسێکی ناچار دەکرد پابەندی هەڵبازی دەوڵەت بێت. دەوڵەت دەیسەپاند کە "قورئان دانراوی مرۆڤ" ("خەلق ئەلقورئان")، بە پێچەوانەی پیاوانی ئایین کە قورئانیان بە پێیقی ئەلا دادەنا. بەتایبەتی موئتەزیلەییەکان جەختیان لە قورئان دەکرد وەک مەخلوق.

مەنتالیزم: مەنتال بەواتای "کایەی هەش". مەنتالیزم لە فەلسەفەدا (هەروەها پسیکۆلۆگیدا) گریمانەی سروشتێکی هەشکییانەی مرۆڤ دەکات بەپاڵ سروشتی بیۆلۆگییانەی ئەوەو. سروشتی هەشکی خەی لە زمانێکی گشتگیری هزرینەدا دەخەمڵێنێت، ئەو سەربەخۆ لە سروشتە ماتریالیستییەکەی مرۆڤ (لە نیرۆلۆگی).
نووس: ئاوەزی پەتی، یان هەشی پەتی ی تەکنەبوو بە هەر هۆشکی سەنسی، هەستکی و ئەندێشەیی.
ئەتەدەکسی: پابەندی بە بنەما چواندن پەدراوکانی ئیدیۆلۆگییەک یان ئایینەکەو.
ئەزەلی: نەئافرێنراو، هەمیشە هەبوو. بە نموونە گەردوونکی نەئافرێنراو لە لایەن خودایەکەو. ئەمە تەوانینی ئەیستەتلیس بوو و لەتکیدا فارابی، ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد هاوڕا بوون.
ئیدە: وێنەی هەشکی.
ئیستەتریک: هەموو ئەبازە میستیکییەکان (نهێنیئامێزکان) دەگرێتەو، وەک تەسەوف، کە دەیانەوێت بە نهێنی، مێتافیزکییانە، بە مەبەستی خودی خۆ بگەن. ئامانجیان لەڕادا بریتییە لە "یالیزەکردنی خودی خۆ" (تەحقیق ئەلزات).

ئەدیبی کوردو مەلا.. جەمال عەزیز قادر

لای زۆربەمان ئەو پەناسەیە لە مشکماندا چەسپیوە کە ئەدیب و هونەرمەند کەسانی هەستاوەرو هوشیاری کەمەگان و جێی متمانەی گەلن، ئەوان بەشەویکی ناراستەوخۆ کار لە بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی پشکەوتن دەکەن و گەل لە فەرهەنگی ئەوانەوە بەهرەمەند دەبێت.
ئەم دەستەواژانەو نموونەی ئەمانە لە بواری تیۆریداو بە تێگەشتنە کلاسیکییەکەی چوارچێوەیکی جوانن کە دەکرێت لە ناواخندا زۆر پێچەوانە بێت و بگرە شونێی مشومەگەزو بگەنیی بێت، بە ناڕ؟ گەر ئەدیبان لە پشەوەی شەشی فەرانسادا سیمبولی بەرخەدان و گیان بووبن ئەوا زەمانەکە لای ئەمە زۆر پێچەوانە بووتەوەو باڵی ڕەشی گەندەڵی سەرتا لە ناواخنی زۆربەی ئەدیباندا ڕەنگی داوتەوە(بە

تایبەتی ئەوانەی پێگەیەکی وەژەیی بچوك یان گەورەیان هەبێت). ئەم گوتانە رەنگە کەسانێکی لەخۆبایی و تیەریست تووڕە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا راستییەکن تاکو نەدرکێنرێن ئەوەی ژێر بڕە نایەتە سەر بەرو راست و چەوتی بە خەڵك و خوێنەران ئاشکرا نابێت. ئەو کاتە گەڕانی بنەڕەتی لە سیستەمی ژیاندا رووە دەدات کە ئەدیبان راستگۆیانەو مرۆڤدۆستانە مامەڵەیان کرد، ئەو کاتە دەتوانن ببنە نموونەیەکی جوانی پێشەنگ بوون. ئەو کاتە وتەکانیش کاریگەرییان دەبێت کە لە دژی دڕندە باوە چەقبەستووەکە باهۆزەك هەڵبکات هەموو ناوە قەبە و قەرخکاران و لافوگەزافی ئەدیب بوون و هونەرمەند بوونی ئەوانە داماڵێت کە بوونەتە بارێکی قورس بەسەر شانی وشەو فەرهەنگ و سەلیقەی ئەدەب دەستانەوە.

دوو حیزب لە دوو زەنی جیاوازدا هەموو خوێنەشتن و ستەم و چاوبەست و خیانەتکیان بەسەر گەلی داماودا تاقیکردەوە ئەنجا بڕیان بە سەبەر-قەڵەمکان و پاشکۆکانیان چەکرد کە لە پاشماوەی دزی و گەندەڵیەکان بخۆن و ببنە چاو ساغ و پاکانکارانیان، قەڵەم بەسەدەت پوچکانیش شانازی ئەویان بە دەمنەتەوە سەفی لەگەڵ ئەو تاوانبارانەدا بگرن کە لە قەناغکانی داهاتووی مەژوودا دەردکەوێت چ دەعباو جانەوەرێك بوون. بەڵام کەلکە ئەدیب و ئەوانەی لە بەخشین پوکاونەتەوە ئامادەن نك ویژدان بەکو هەوەست و خەشیان بفرۆشن لە پەناوی بەرژەوەندی گیرفان و پلەی خەیاندا و هەمیشە لەو گەژاوی نیفاقەدا بتلێنەوە کە نووسینکانیان لەوەی دەدوێت.

دەزگای سەردەم و ئەوانەی بزنسەکەی بەسەوە دەبەن پشکەکە لەو پانتاییە بەرفراوان و قەزەونەی لە قوەی گەندەڵیەکی خستەوە لکاون و بەوایان بەوە هەیە کە دەڵێت: ئەوەی خەم بخەم، ئەوەی تەش دەخەم. تەنانەت لای زەرەك نابێت ئەو شاعیرەی ئەو ئاوی گەندەڵی و خەخەیەی تیایدا چاند ناکرێت لە گەندەڵیەوە بگلێت ولەکاتکدا دوای خەشی کەمەڵەك مشەخۆری جیهەشتبێت لەسەر رەبازی خەی، هەموو داهاتکان لوش دەدەن و تەنانەت جگە لە کتێبی خەیان هیچی تر بە نەنیاس چاپ ناکەن، جا خەمکە ئەویە بە شاعیری نەتەوە ناوبهێنرێت و ببێتە ویردی سەر زاری توتیکان، ئەمەیە نەگبەتی میللەتی شەوکەر! ئەمەیە جەهلی تەوان دوو! لە زەنکەی تریش دەزگای رەشنبیرو چاپەمەنیی زەرو زەبەندەی وا هەیە دەکرێت ببێتە دەزگایەکی سیخوڕیی بەسەر نووسەرانەوەو زەر بەلاشیانەوە ئاسایی بێت، چونکە هەمووان دەقیان بەو دەخە بگەنەوە گرتووەو ئەم

دیاردانە بووتە رێتینکی ڕۆژانە لای هاوڵاتیان و کەس تاقەتی خوێندنەوەی گۆڤارە تاقانە تەمەن درێژەکێشیانی نەماوە، کاتێك شتێك نەما لای ئەدیبان ناوی ویژدان و مەڕاڵ بێت، ئەو کاتە دەستپاکی و ڕاستگۆیی و مەبدەئو هەوەست دەبێتە حاڵەتێکی نامۆ. بەڵام جێی خۆیەتی لێرەدا ستایشی ئەو کەمە ئەدیب و نووسەرو هونەرمەندانە بکەین کە هێشتا خۆیان نەدەڕاندووە پێیان خشترێ لە پێراوێزدا گەڕێ بزر بن نێك ببنە خامۆیەکی بێ ئەرزشی خوانی ستەمکاران، ئەوانەی لەو ئەرگانە حیزبیانەدا گۆشیان نییە و لافی ئازادی و بڵایەنی و داهێنانیش لێنادەن!

کچی سوور.. شیعر\ سەلاح جەلال

پێنج گوڵی سور(…)
گۆکانێك کاکشانی سوور کرد
پێنج گوڵی سووری هەڵگرتبوو
بەموزیکی ڕەوی هەسارەیی هاتن
لەپەلکە زێڕینەی ڕۆح جیابوونەوە
بەگۆگڵی وشەی تواوەی مەرگەسات
شەوارەیان خستە فەزا
پێنج هەسارەی عیشقیان ناونا
بەئەتڵەسی زمانەوە سنووری مەرگ تێکەڵ بوو(…)

پێنج گوڵی سوور(…)
بە گۆژەنگی ڕۆح و زمان
تۆڵی مەرگ بوو بەفەتە
بوون و نەبوون بەهەمیرەسی گرێدرا
فەزای سێدارەی پاکیزەیی بوو بە زمان:
بوو بە فەزای تەکنۆلۆژیای ڕۆحی زەمان
لێرە لەم فەزایە لێرەبوونی من و تۆ ئەوانە
درەخت و کۆشکی وێنە وێنەی هەناسەیە(..)
لەئاماژەو وشەو گریەو لایە لایە

شاری موزیکی مەرگەساتیان پێکهێناوە(…)

پێنج گۆی سوور، رێیشتن(..)هاتن(…)
لەئەستێرە رەشەی نەبوونەوە کەوتنە خوار
ڕۆح بەچرا گۆڕایەوە
خوێن بە ئاگر
بەسەدارە گۆوگاڵ بێ کۆرپە دەکەن(…)

پێنج گۆی سوور پەلکە زێڕینەی تاریکین(…)
شانۆیەکی ناوەختەیان نمایشت کرد:
سەفی محەمەدی رچەی سیبریایی بێ
بەفەلسەفەی سیزیف و چرای دانتی
تێوی کچانی سەدارەی هێنایەوە
فەلسەفەی مەرگ لەمەرگ دادەهێنێت:
(ئێمە دابڕاوی رەوی بیابانی خەرین
گۆکانی شەوارەیی مەرگی مەرگ
بێ ئەتەمەکی گۆوگاڵ)(…)

تابلۆی پاش مەرگەی ئەنجیلێ فەزایەکی هێنایەوە:
ملوانکەو موورو ستیان و ژێرکراس و جلی خوێناو(…)
ڕەمانی بورکانی کچانی سووریان چاپ دەکرد
مستیلەی نەرمینی کەریمی لە کاکێشان هێنایەوە:
(شارا ڕەحمان بەهەتاوی زەمەن بەخشی
بلوێنان چرا داگیرسا)(…)

بازنەی مەعسومی سەرهەنگی بوو بە تابلۆ(…)
لەهەسارەی تیژ ڕەوییەوە گزنگی دا
بانگەشەی بێ کاروانی سیبریا کرد:
(پەتی سەدارە فیلمێکی دازاینی فەلسەفی بوو
هەماقۆی زەمەن و بوون و مۆژووی دەکرد
چەندە خۆش بوو پەتی سەدارەم خرایە مل

وام دەزانی شەوی عاشقی بوکێنیە)(…)

ملوانکەی نەسرینی پاك نییە بوو بەموورووی ئاودار(…)
لەملی درەختی قەدەردا پەخش دەکرا
ناخی پاش مەرگەی کچانی سێدارەی دەێتەوە:
ئەو وشانەی دەبنە هەێم و
بەبارانی شێشی سوور دادەبارێن(…)

کاتژمێری مریەمی سادقی چرکەی هەسارەی مەرگی کرد(…)
ساتی سفری رەوی ئازادی مێر دەکات
بە مێزیکی رەوی قەرەجی ئیتالی
سەمفێنیای بیتهێڤن و ئاوازی مەرگ
سروودی پەتی سێدارەی کچانی سوور دەێنەوە(…)

لێرە فەزایەکە یاخی لە ئێدیبی فرێئید(…)
سەرکێش لە سێبرمانیەتی نیتشەو
قوێتر لەتاعونی کامێ
رونتر لە مورغی سلێمان
بڵند تر لەشاخی هیمالایاو
سوورتر لەمێژووی غاندی و هەربرت
ئاهەنگی کچانی سووری رێژهەێاتی کوردستانە
قەێەم بریسکەی گریانە
دەفتەر گێی بورکانی هەناسەیە(..)
تەکنەلێژیا ئاوێنەکانی ناو رێحە
گەردوون لە کونی دەرزیەکا نیشان دەدات
بە گێوگاێی هەرێگرێفی
بەرێح پانێرامای دەوێەتی مێروواللە دەکەن
ژینا ئەمینی بەبورجی ئیفیلی شێشی سوور(..)
بەرێمانی کچی پاکیزەی رەشەبا
لەتەکنەلێژیای بووندا چاپیان دەکات(…)

27/8/2022 کاتژمێر یەکی پاش نیوەێ

چیت لێ توانایێ..!.. شیعر: یغما گلرویی.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

گەرانی: داریوش اقبالی

بێ تاوانی عەتر بەخشین

گوڵ گوناهبار کردن

قەترە بە قەترە.. سەر تا خوار

تاڤگە لەک هەڵوەشانن

بێ تاوانی هەناسەیان

لێدارم ئێیەی !

لێ نەوان چرا و چاوی من

دیوار دروست کردن

لێ ترسی هاودەنگی

زنجیر کشانن

لێ مل یانی چرا..و

لێ ئەمێ دەستەژێر کردن

ئەستێرە داگرتن..و

ئاوێنە شکانن

لێ "ساردخانە"(1)ی پێ لێ تووێیمان

چیت لێ توانایێ..؛

لە قی پەنگ خواردووی دەنگمان

چیت لە توانایە..!

بە سەبەری داسی رق و قین

گەنم ئەشکەنجە یان

بست بە بستی

کەگە هەاج کردن

گوەا زیندانی کردن

پەپولە هەوەران

خەر ئەدزی..و

شەو دووبارە ئەکەیتەوە

بەرامبەرمان

بەام چیت لە توانایە..!

„„„„„„„„„„„„

(1)= ساردخانە بەو بەشەی خەستەخانە ئەوترە کە لاشەی مرددوی تیا هەئەگیرە..